# ڕێنمایی ژمارە / ٤ ساڵی ٢٠٠٠

# دامەزراندنی پرۆژەی مریشكی دایكان و هێلكەكەر و مۆڵەت دانی .

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی كە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری ژمارە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ڕێكخستن و پەرەپێدانی پرۆژەی مریشكی دایكان و هێلكەكەر و چۆنیەتی مۆڵەت دان بەو كەسانەی دەیانەوێ ئەو پرۆژانە جێبەجێ بكەن و بۆ ئاسان كاری ئیش و كاری ئەم پرۆژەكاریە ئەم ڕێنماییەمان دەركرد .

## ماددەی یەکەم :

ئەم ووشانەی خوارەوە ئەو دانانەی بەرامبەری دەگرێتە خۆی :٠٠

١. وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری .

٢. بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

## ماددەی دووەم :

ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :٠٠

١. داواکاری لە لایەن هاوولاتی پێشکەش دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ لە پارێزگاکان بۆ دامەزراندنی پرۆژەکە و لە گەڵ داواکاریەکە وێنەیەك لە شوێنەکە هاوپێچ دەکرێت کە پرۆژەکە لە سەر دروست دەکرێت بە مەرجێك پشتگیری کرابێ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زار .

٢. گرێ بەستی کرێی زەوی (عقد أیجار) ئەگەر هاتوو زەویەکە بەکرێ بوو یان وێنەیەك لە تاپۆی زەویەکە (صورە قید) ئەگەر هات و زەویەکە (مولك) بوو ئەبێ بەناوی داواکارەکە بێت وە هەروەها ڕەزامەندی شەریکەکەی وەربگرێت ئەگەر هاتوو شەریکی هەبوو .

٣. لە بەر ئەوەی هاوولاتیانی هەندێ ناوچە (صورە قید) (تابو) یان گرێ بەستی کرێی زەویان نییە وە بۆ ئەوەی بتوانرێ پشت بەستبن بە فەرمانگەکانی کارگێری و لە گەڵ فەرمانگە کشتوکاڵیەکان وە ئەم پشتگیریە دەبێت بە هەموو ڕێنماییەکان کەوا پەیوەندی بە پرۆژەکەوە هەبێت .

## ماددەی سێیەم :٠٠

أ. ڕەچاوکردنی ئەم مەرجە هونەریانەی خوارەوە :٠٠

١. ئەبێ دووری لە پرۆژەی هاوشێوە ٥٠٠ م بێت .

٢. ئەبێ دووری لە پرۆژەی کارگەی ئالیك ٢٠٠ م بێت .

٣.  ئەبێ دووری لە پرۆژەی هەڵهێنەری مریشکی گۆشت ٥٠٠ م بێت .

٤.  ئەبێ دووری لە پرۆژەی سەربڕخانەی مریشك ١ كم بێت .

٥.  ئەبێ دووری لە پرۆژەی (متكامل) ٥٠٠ م بێت .

ب.  وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانەی خوارەوە بۆ ئەوەی نەبێتە ئاستێك لە پێش پرۆژەكانی ئەواتن وە كاربكات لە ڕێنماییەكانیان .

ژینگەی مرۆڤایەتی ، ڕێگاوبان ، شارەوانی ، شوێنەوار ، گەشت و گوزار ، ئاودێری و بەنداوەكان ، كارەبا ، گواستنەوەو گەیاندن ، نەوت و كانزاكان .

**وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری**